کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 20:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەناسەکانی پاش باران ... مامند محمد قادر



سەیری باڵندەکانی ئاسمان بکە
کە کۆچ دەکەن،
هەر لە هەنگاوەکانی ئێمە دەچن
کە مەوداکانی نائومێدی دەبڕن.
سەیری شەپۆڵەکانی دەریا بکە
کە بەرەو کەنار سەر هەڵدەگرن،
هەر لە گۆرانی یەکانی ئێمە دەچن
کە لە پشت دیوارە بەرزەکان
دەیانچڕین.
خۆشەویستیت پەیامێك بوو
دڕی بە پەروازەییم دا و
وون بوونمی
لە زەریای یەقین نغرۆ کرد.
پەنجەرەکەم دەکەمەوە
دەبینم چۆن
رووت لەژێرنمەی بارانی
روانینما.. چەکەرە دەکات،
ئامادەییت
تەنگ بە دووری هەڵدەچنی.
تۆ بە بریسکەی چاوەکانت
منت لە تاریکیی گومان رزگار کرد و
منیش ئاوا
بە سەرکێشی ی کرانەوەم
دەرگاکانی داخرانی تۆم
لە بێخ هێنا.
بە دەستێك لە تووڕەییەکی پیرۆز
گوڵەکانی هەناسەتم
لەسەر پەڕەی ئاو و
شاپەڕی مەلەکان کێشا،
لەدڵی پاساری یەکان
چۆکم بە مەرگ دادا و
بەهارم بە سەبەتەیەك لە برین
بۆ چاوەڕوانی پاییز برد.
ئێمە لە پەلکەزێڕینەی
پاش باران و
لە باڵای گوڵە گەنمەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

باڵی سەفەرمان تەڕ دەکەین،
لە پەنجەرەی سپێدەیەك
لەو دەشتانەوە دەڕوانین
کە سنووریان غیابێکە
گەڵاکانی
لە لق و پۆپی ڕەهایی
زەمەن دەتکێ.

auzim1975@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.